

# نەخۆش و وەرگێڕ

## نامیلکەیەک سەبارەت بەوەرگێڕ
## لەخزمەتگوزاریی تەندروستییدا

### ئایا نارەزاییت هەیەلەوەی کەلەکاتی پێدانی خزمەتگوزاریی تەندروستییدا وەرگێڕت بۆ نەهێنرا؟

- Fylkeslegen [پزیشکی پارێزگا] لەدەزگای Helsetilsynet [چاودێریی تەندروستیی] لەو پارێزگایەیکەلێی دەژیت: (www.helsetilsynet.no).
- Pasient- og brukerombudet [دەستەی داکۆکیی لەنەخۆش و بەکاربەر] لەو پارێزگایەی کە لێی دەژیت: (www.pasientogbrukerombudet.no).
- Sivilombudsmannen [ئەمینی ناحەقییەکان] تەلەفۆن: 22 82 85 00 ژمارەتەلەفۆنی خۆڕایی: 39 800 800 (47+).
- Likestillings- og diskrimineringsombudet [دەستەی یەکسانی و جوداکاریی] تەلەفۆن: 24 05 59 50
- Organisasjonen Mot Offentlig Diskriminering [ڕێکخراوی دژەجوداکاریی حکومیی] (OMOD) تەلەفۆن: 22 20 87 37، www.omod.no
www.omod.no

### ئایا پرسیارت هەیەسەبارەت بەمافەکانت؟

- Pasient- og brukerombudet [دەستەی داکۆکیی لەنەخۆش و بەکاربەر] لەو پارێزگایەی کە لێی دەژیت: (www.pasientogbrukerombudet.no).
- Organisasjonen Mot Offentlig Diskriminering [ڕێکخراوی دژەجوداکاریی حکومیی] (OMOD) تەلەفۆن: 22 20 87 37، www.omod.no

### ئایا نارازییت لەجۆری وەرگێڕان و ئاستی توانایی وەرگێڕەکە؟

دەتوانیت لای ئەو دامەزراوەیەی کەوەک نەخۆش هاتووچۆی دەکەیت سکاڵا بکەیت

### یاسا سەبارەت بەمافەکانی نەخۆش و ئەرکەکانی کارمەندانی تەندروستیی

Lov om pasientrettigheter (یاسا سەبارەت بەمافەکانی نەخۆش)
Lov om helsepersonell (یاسا سەبارەت بەئەرکەکانی کارمەندانی تەندروستیی)
ئەم نامیلکەیەبەزیاد لە٢٠ زمان هەیەو دەتوانرێت لەم سایتانەدادابەزێنرێت:

www.nakmi.no
www.helsedirektoratet.no

## نەخۆش و وەرگێڕان

- مافت هەیەزانیارییت سەبارەت بەباری تەندروستییت و چارەسەرکردنت بەو زمانە پێ بدرێت کەدەیزانیت.
- ئەوەئەرک و بەرپرسیارێتیی خزمەتگوزاریی تەندروستییەوەرگێڕت بۆ دەستەبەر بکات.
- خزمەتگوزاریی وەرگێڕان بۆ نەخۆش بەخۆڕاییە
- دەتوانیت تەلەفۆن بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستیی بکەیت و داوابکەیت وەرگێڕت بۆ بگرن.
- ئەگەر خۆت ڕۆژانەزمانی نەرویجییش قسەبکەیت، هەر دەکرێت مافی ئەوەت هەبێت کەوەرگێڕت هەبێت، بەتایبەتیی لەحاڵەتی نەخۆشیی گەورەو درێژخایەندا، یان لەحاڵەتی گفتوگۆ سەبارەت بەگرفتی دەروونیی.
- تەنها وەرگێڕی خاوەن بڕوانامەی وەرگێڕیی دەبێت بەکار بهێنرێت.
- نابێت منداڵ وەک وەرگێڕ بەکار بهینرێت.
- کارمەندانی تەندروستیی ئەرکیانەیارمەتیی تەندروستیی بەشێوەیەک بدەن کەجێی داکۆکیی بێت.

ئەگەر حەزت نەکرد وەرگێڕت هەبێت، دەبێت ئەو زانیارییەت پێ بدرێت کەئەوەڕەنگەدەرئەنجامی خراپی لێ بکەوێتەوەبۆ سەر تەندروستییت.

- وەرگێڕان لەڕێگای تەلەفۆن کەدەکرێت بەدیلێکی باش بێت لەجیاتی هەبوونی وەرگێڕ لەژوورەکەدا.
- ئەگەر نەتتوانی لەکاتی دیاریکراودا ئامادە بیت، دەبێت مەوعیدەکە ٢٤ کاتژمێر پێش کاتی خۆی هەڵبوەشێنیتەوە، ئەگەر نەیکەیت، ئەو کاتەدەبێت پارەی ڕاوێژکارییەکەبدەیت.

## چۆن دەتوانێت زۆرترین سوود لەگفتوگۆیەکی وەرگێڕدراو وەربگریت؟

- بەووردیی بەخزمەتگوزاریی تەندروستیی بگەیەنەتۆ چی زمانێک قسەدەکەیت. ئەگەر چەند کەسێکی خێزانەکەت ئامادەی دانیشتنەکەدەبن، دەبێت وەرگێڕێک بهینرێت کەهەموویان لێی تێبگەن.
- لەکاتی دیاریکراودا ئامادە بە و دوا مەکەوە.
- پێشوەخت ئەوەئامادەبکەکەئایا دەتەوەێت لەڕاوێژکارییەتەندروستییەکەدا دەتەوێت چی باس بکەیت.
- ڕستەی کورت بەکار بهێنە، وە بەسەریەکەوەزۆر شت مەڵێ، چونکەئاوا ئاسانتر دەبێت بۆ وەرگێڕەکەئەو شتانەی کەدەوترێت بەشێوەیەکی دروست وەریانبگێڕێت.

## وەرگێڕ چییەو ئەرکەکانی وەرگێڕ چین؟

- وەرگێڕی باش و لێهاتوو دەبێت خوێندنی وەرگێڕانی خوێندبێت و شارەزایی وەرگێڕانی هەبێت.
- وەرگێڕ لەسەرەتای گفتوگۆکەدا بەهەردوو زمانەکەڕێساکانی وەرگێڕان دەڵێت.
- وەرگێڕ نابێت لایەنگیریی هیچ یەکێک لەتەرەفەکانی گفتوگۆکەبکات.
- وەرگێڕ ئەرکی نەدرکاندنی هەیە. شکاندنی ئەرکی نەدرکاندن سزای لەسەرە.
- وەرگێڕ دەبێت هەر شتێک کەدەوترێت وەریبگێڕێت، بەڵام نابێت ئامۆژگاری بدات، یان ڕای خۆی بۆ قسەکان زیاد بکات.
- وەرگێڕ دەبێت تەنها وەرگێڕان بکات، وە نابێت کاری تر ئەنجام بدات، نەبۆ نەخۆشەکەو نەبۆ کارمەندەتەندروستییەکە.
- نابێت قسەبەوەرگێڕ ببڕدرێت، بەڵکو دەبێت کاتی بدرێتێ ئەو شتانەی کە لایەنەکانی گفتوگۆکەدەیڵێن وەریان بگێڕێت.
- هەموو پرسیارێک دەبێت لەکارمەندەتەندروستییەکەبکرێت نەک لەوەرگێڕەکە.